

**له روانگەی دیدرۆ دەرککردنی پەیوەندی برێتییە لە بناغەی جوانێتی**

نەکێشراودا، لەگەڵ ئێرۆسی ئەقڵمەندانە کۆنترۆڵکراو یان لە رووی نەرێتەوە رەخنەلێگیراودا، لە کاتی رێنیسانسەوە ئامادە کرا بوو. لێرەدا دیاردە راستەوخۆ دیاری کرا بوو: دیاردە بە شێوەیەکی هونەری دەبرایەوە و لێرەشدا مرۆڤ وەك توخمی پەیوەندییەکی بزۆك لێی تێدەگەیشت. بەم شێوەیە دیاریکردنی هێلکاریانە (لینیار) و پلاستیکییانە، کە لە رێنیسانسدا باو بوو، بەرێی وێنەوە جێی گریرایەوە، هەروەها رەنگ و روناکی بە شێوەیەکی ئێستێتیکی راستەوخۆ وەك توخمی لێرەبوون دیاری کران، (کەواتە دیاریکردنی راستەوخۆی خاسییەتی بابەت نەبوو). ئەمە هەنگاوێکی نوێ بوو لە بەرەنگاربوونەوەی سۆزمەندانەی رووداندگەدا. بەرهەمەکەی رێمبراند بەتایبەتی بەڵگەنامەیەکی سەرنجراکێشە بۆ ئەمە.

**٧-٣ ئینگلاند**

هەروەها لە ئینگلاند هەوڵی گرنگی تیۆریانەی هونەری بۆ ئەم گۆڕانە بەگەڕ خران. بۆ فرەنسیس بەیکن (١٥٦١-١٦٢٦)، کە فەیلەسوفی سروشت بوو، جوانی برێتی بوو لە خاسیەتێکی ئۆبژێکتیڤیانەی سروشت. بەیکن لەم هەڵوێستەیدا ئەوەندە بنەمایی بوو، کە بە پێچەوانەی دیاریکردنی نموونەیی و دەستووردارەوە، بەمەیش بە پێچەوانەی "ئەبستراکتێتی"ی جوانێتییەوە لە رێنیسانسی باڵادا، تێزی "نائاساییەتیی رێژە"ی لەنێو جوانێتیدا دانا. ئەم تێگەیشتنە چ لە تێروانینی پەرەسەندووەوە بۆ هەمەلایەنێتیی ریالێتی و چ لە دۆخگۆڕیی بزۆکی دیاردەکانی خودی ریالێتییەوە هاتبوو (هەروەها لە خۆرگەیەکیشەوە بۆ پۆلێنکردنی ریالێتی)؛ جگە لەمە ئەم تێگەیشتنە گونجاو بوو بە بەرەڵاکردنی پەرەسەندووی تاکەکەسی سروشتی لەنێو هەمەلایەنێتییەکەی خۆیدا، ئەمەش بێگومان بەبێ بڵندانی دەرەوشێنەر و ئێلیتیانەی کەسێتی.

**٨- رۆشنگەری**

**١-٨ شەفتسبەری**

ئێرل ی شەفتسبەری (١٦٧١-١٧١٣) بە یەکێك لە رابەرانی تیۆریی هونەری رۆشنگەریی ئینگلیزی دادەنرێ. شەفتسبەری جەخت بوو لە لێرەبوونی جیهان، بەڵام تێڕوانینی ئەو سەبارەت بە ئەستوو ئەوە بوو، کە ئەستوو لە هەموو توخمێکی رێکخستن و فۆرماندن بەدەرە؛ ژیاندنی (Erleben) راستەوخۆی سێنسی لە روانگەی ئەو ناشرین بوو. شەفتسبەری جوانێتی و چاك و راست ی وەك یەك دانا و، پێکەوە لەتەك رێکخستن و رێژەیەتیدا، وەك پەرچاندنی هۆش یان پەرچاندنی دەروونی جیهان، روونی کردنەوە. کەواتە شەفتسبەری گەرایەوە بۆ هزرۆکەکانی پلاتۆن، بەڵام ئەو جگە لەمە دەیگوت، کە دەروونی مرۆڤ پێویستیی بە رێکخستن و رێژە هەیە. شەفتسبەری بەم هەڵوێستە، هەروەها بە دانانی ئەو یەکێتییە لە نێوان چاك و راست و جواندا، دەنگی نا بەو رۆڵەدا، کە مرۆڤی بەئاگا لە بەرپرسیاری، پەیوەست بە جوانێتییەوە هەیەتی. لە روانگەی ئەو هەموو مرۆڤێك توانای بۆ جوانێتی هەیە. لەم روانگەیەوە شەفتسبەری بەهایەکی گەورەی بۆ ئەرکی (یان بۆ کاریگەریی) پەروەردەیی ئێستێتیك یان هونەر دادەنا.

**٢-٨ مۆنتێسکیو**

شەفتسبەری و جۆن لۆك (١٦٣٢-١٧٠٤) کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر ئێستێتیکی رۆشنگەریی فەرەنسی، هەروەها لەسەر تیۆریی هونەری ئەڵمانی لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەیەمدا، هەبوو. فەلسەفەی سێنسگەرایی ئەزموونیانەی جۆن لۆك لە فەرەنسا بەتایبەتی لە لای مۆنتێسکیو (١٦٨٩-١٧٥٥) دەرکەوتەوە. لە روانگەی مۆنتێسکیو پەیوەندییەك لە نێوان جوانی و چێژ (تەزەوق)دا هەیە، لێرەشدا چێژی بە شێوەیەکی لۆجیکییانە وەك توانستێك بۆ دیاریکردنی خێرا و پوختی جۆر و بڕی ئەو چێژە (لەزەتە) پێناسە کرد، کە هەر بابەتێك بۆ مرۆڤی دەرەخسێنێ. بێگومان مۆنتێسکیو لێرەدا جیاوازیی کرد لە نێوان ئەو چێژەدا (لەزەتەدا)، کە چۆنێتیی بابەتێکی بە پراکتیکییانە سوودمەند دەیهێنێتە گۆڕێ، و هەروەها ئەو چاپێنراوییەی جوانیدا، کە بابەتێکی ناراستەوخۆ سوودمەند چێی دەکات، بەڵام ئەو سەرباری ئەمەیش جیاوازییەکی بنەمایی لە نێوان هەردووکیاندا نەدەبینی. هەروەها مۆنتێسکیو وای دادەنا، کە دەروونی مرۆڤ خواستی بۆ رێکخستن و هاوجێیەتی (سیمەتری)، جگە لەمەش بۆ هەمەچەشنەیەتی و دژبەری، هەیە، بەڵام ئەو باوەڕی دەکرد، کە ئەم حاڵەتانە تەنها لە هونەری ئەنتیکەدا هەبوون. کەواتە مۆنتێسکیو لێرەدا وەك کلاسیکیستەکان بیری دەکردەوە؛ ئەو بۆ لێکۆڵینەوەکانی لەمەڕ جوانێتی، بە هەمان شێوەی تیۆریستە ئینگلیزییەکان، زانینی پسیکۆلۆژییانەی وەك بناغە وەرگرت، بەڵام هاوکات ئەم زانینانەی پابەند بە هەقیقەتە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەبینی.

**٣-٨ دیدرۆ**

هەروەها دێنیس دیدرۆ (١٧١٣-١٧٨٤) لە رۆشنگەریی ئینگلیزییەوە،

بەتایبەتی لە شەفتسبەرییەوە، سەرچاوەی گرت. دیدرۆ تێڕوانینێکی ماتەریالیستیی بەرانبەر ئەو ئێستێتیکە دانا، کە لە کایەی ڕەهاگەرایی و بەڕێی کلاسیکیزمەوە نوێنەرایەتی دەکرا؛ لە ڕوانگەی دیدرۆ "دەرککردنی پەیوەندی (برێتییە لە بناغەی جوانێتی"، هەروەها: "سروشتی ڕۆژانە برێتییە لە یەکەم مۆدێلی هونەر". لێرەدا "سروشت" بۆ دیدرۆ واتای سەرجەم ریالێتی دەگەیاند، کەواتە سروشت لە لای ئەو لێرەبوونی کۆمەڵایەتیشی دەگرتەوە. دیدرۆ ئاگامەندیی خۆی ڕووەو دیراسەکردنی مرۆڤ بە سەرجەم لایەنە کۆمەڵایەتی و ئێتیکییەکانەوە و هتد ئاڕاستە دا. بە تێڕوانینی ئەو دەستبەسەرداگرتنی هونەری نزیکە لە دەستبەسەرداگرتنی زانستییەوە. ئەو دەیگۆت، ڕاستی ئامانجی هەردووکیانە: مرۆڤ بەڕێی گونجانی بڕیارەوە یان (لە جوانیدا) وێنەوە لەتەك بابەتەکەدا بە ڕاستی دەگات. تێڕوانینی ئەم پەیوەستبوونە بە بابەتەوە، دوای ئەندێشەگەرایی (ئیلوزیۆنیزمی) باڕۆك و هەروەها بەرانبەر فۆرم-ئێستێتیکی پێوەرییانەی کلاسیکیستەکان، هەڵوێستێکی پێشکەوتنخوازانە بوو؛ هەر لەم ڕوانگەیەوە هێڵ لە هونەری شێوەسازیدا بۆ دیدرۆ برێتی بوو لە فۆرم-چۆنێتیی ئێستێتیکییانەی گرنگ، کەواتە ئەو لێرەدا تەواو پابەند بە کلاسیکیستەکانەوە مایەوە، بەڵام دیراسەی ئەنتیکەی لە هەموو حاڵەتێکدا وەك دەسوێڕ بۆ فێربوونی بینینی سروشت دادەنا. دیدرۆ بە هیچاندنی ڕەنگ هەڵنەستا، بەڵام ئەو هیچ پەیوەندییەکی بە تایبەتمەندێتی و واتاکەی ڕەنگەوە (وەك ژیاندنێکی سێنسی) نەبوو. دیدرۆ لەم لایەنەدا، بە هەمان شێوەی زۆر لە هاوچەرخەکانی، لە پشت ئەو دەستکەوتانەوە مایەوە، کە بۆ نموونە لە شێوەسازیی هۆڵەندی لە نیوەی یەکەمی سەدەی حەڤدەیەمدا بەدیهێنرابوون. دیدرۆ وەك بناغەی ئەو هارمۆنییە، کە لە ڕوانگەی ئەو گەرەك بوو لە نێوان تاکەکەس و کۆمەڵگەدا هەبێ، گریمانەی مرۆڤی بەدادی دەکرد.

**٤-٨ ڕوسۆ**

ژان ژاك ڕوسۆ (١٧١٢-١٧٧٨) لە فەرەنسای پێش شۆڕشدا بە ئاشکرا لە یەکسانیی بنەمایی سەرجەم مرۆڤانەوە سەرچاوەی دەگرت. ڕوسۆ وای دەبینی، کە لەنێو ئەو یەکسانییەدا سروشتێتی و بەمەیش ڕاستی بەتەواوی بەدیهێنراون؛ ئەو نوێنەری هونەرێکی دیمۆکراتی و نزیك لە گەل بوو؛ لای ئەو جوانیی سروشتی و سانا، بەڵام هاوکات پیاوانە و بەهێز، مۆرکی هونەر بوون؛ بۆ ئەو ناوەرۆك و هێڵ گرنگ بوون، هێڵیش لێرەدا برێتی بوو لە نێوەندی (مێدیومی) ئێستێتیکییانەی ناوەرۆك. لە ڕوانگەی ڕوسۆ کرۆکی هۆشەکی-سۆزمەندانەی شێوەسازی لەنێو هێڵدا

# لە ڕوانگەی مۆنتێسکیو پەیوەندییەك لە نێوان جوانی و چێژ (تەزەوق)دا هەیە، لێرەشدا چێژی بە شێوەیەکی لۆجیکییانە وەك توانستێك بۆ دیاریکردنی خێرا و پوختی جۆر و بڕی ئەو چێژە (لەزەتە) پێناسە کرد

چڕبۆتەوە و هەر ئەم کرۆکەیشە کە ژیان بە ڕەنگ دەدات. بەڵام هێڵ بۆ ڕوسۆ برێتی نییە لە دیاریکردنی (یان گرتنی) شتەکە، بەڵکو هێڵ برێتییە لە هەڵگر و پەرچاندنی هەست. ڕوسۆ لەدژی ئەقڵ هەستی دانا و بۆ ئەو پێکەوە لەتەك سروشتدا پڕواتا بوون. بەرزنرخاندنی هەستی سروشتی لە لایەن ڕوسۆ برێتی بوو لە هاورێژەیەك (کۆرڕێلاتێك) بۆ دەستبەسەرداگرتنی زانستی-ئاقڵانەی ریالێتی؛ دەنگانی ئەو بە سۆزدا برێتی بوو لە ئۆپۆزیسیۆن دژی ڕێکخستنی ڕەهاگەرایی و دەستکردێتیی هونەر.

**٥-٨ کانت**

کانت تێگەی ئێستێتیك لە "ڕەخنەی ئەقڵی پەتیدا" (١٧٨٧) لە مەغزا گریکییە سەرچاوەییەکەی "ئایستێزیس" ( Wahrnehmung)دا بەکاردەهێنێ. "ئێستێتیکی ترانسێندێنتال" بۆ کانت برێتییە لە ***پرنسیپی*** دەرککردنی سێنسی، کە سەربەخۆ لە ئەزموون ( واتا بە ئا پریۆری) بناغەی پرۆسەی زانینی مرۆڤ پێکدەهێنێ. کانت دەگات بەو دەرەنجامە، کە پێشبینییەکانی ڕاوم (فەزا) و کات برێتین لە پێشمەرجە زەرووریيەکان بۆ دەرککردنی بابەتەکان و هەر لەبەر ئەم هۆیە دەبێ پێش ئەزموون بە مرۆڤ درابن. هەروەها، لە ڕوانگەی کانت، ئەو توانستەیش بۆ ناسینی "فۆرم"، واتا ئەو توانستە بۆ ڕێکخستنی جیهانی شیاوی ئەزموونکردن (واتا "هەمەلایەنێتی") بەگوێرەی پەیوەندیی تایبەتی، بە "ئا پریۆری" لەنێو مرۆڤدا هەیە.

کانت بە پێچەوانەوە لە "ڕەخنەی هێزی بڕیاردانەدا"، وەك زانیننومای بڕیاری ئێستێتیکی، ڕوو دەکاتە کێشەی ئێستێتیك وەك تیۆریی جوانێتی و مەزنێتی.

سەرچاوە:

http://de.wikipedia.org/wiki/Ästhetik

**فەرهەنگۆك:**

-**ئاییستێزیس:** دەرککردنی هەمەلایەنیی سێنسی
- **ئەمپیری:** ئەزموونی
- **ئیرل:** بەگزادە
- **بڕیار:** دەربڕینی (ڕستەی) لۆجیکی، بە ئەرەبی (قضیة)
- **تێگە:** (مفهوم)
- **چاپێنراو:** ئیمپرەسیۆن، (انطباع)، Eindruck
- **دێبات:** دانوستاندنی زانستی
- **ڕەهاگەرایی:** (ئەبسولوتیزم) دەسەڵاتی ڕەهای پاشایەتی
- **ریالێتی:** (الواقع)
- **سێنس:** (حواس)
- **سێنسگەرایی:** فەلسەفەی دەرچوو لە سێنسەکانەوە
- **هاوجێیەتی:** سیمەتری
- **هیچاندن:** (Nichtung)، نەفیکردن، نێگاسیۆن
- **لێرەبوون:** ڤێهەیە، (الوجود)

# تەوەرێك سەبارەت بە "یاسای كاری رۆژنامەگەری لەكوردستان"

**ئا: فەرەیدون بێوار**

دوای ئەوەی یاسای كاری رۆژنامەگەری لە كوردستان لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەندكراو زۆرێك لەماددەو بڕگەكانی دەستكاری كراونو پرۆژەكە بە ئاڕاستەیەكی دیكەدا برا، لەلایەن رۆژنامەنووسانەوە رەخنەیەكی زۆری لێگیراو تەنانەت سەندیكای رۆژنامەنووسانیش بە بەیاننامەیەك نارەزایی دەربڕیو داوای هەمواركردنی یاساكە دەكەن، بەتایبەتی ئەو ماددەو بڕگانەی كەباس لە دەستەواژەكانی" دابونەریتو ئاسایشی نەتەوەییو قەدەغەكراوەكانو سزادانی رۆژنامەنووسانو پابەند بە سەندیكا"وە دەكەن. بۆ قسەكردن لەسەر خودی یاساكەو راو سەنجی رۆژنامەنووسانو لایەنی پەیوەندار(پەرلەمان، حكومەت، سەندیكا) لە گۆڤاری زنار بە پێویستمان زانی ئەم تەوەرە بكەینەوە بەبەشداربوونی بەرێزان" ئارێز عەبدوڵڵا، هاوژین حەمە رەشید، جەمال عەبدوڵڵا، تامان شاكر، زیرەك كەمال".

سەرەتا بەرێز ئارێز عەبدوڵڵا پەرلەمانتارو بەرپرسی بەشی رۆشنبیریو راگەیاندنی پەرلەمانی كوردستان گووتی" پەرلەمان یاساكەی بە زۆرینەی دەنگ دەركرد، زۆرینەی پەرلەمانتارەكان لەگەڵ یاساكە بوونو كەمینەش دژی بووون. بەڵام وەكو دەزانن لەپەرلەماندا شتەكان بەدەنگ یەكلایی دەكرێنەوە ئەم پرۆژەیەش بەزۆرینەی دەنگ پەسەندكراو بوو بە یاسا. ئەو یاسایە قۆناێكی لە پێش ماوە ئەویش دەبێ سەرۆكی هەرێم ئیمزای بكات. ئەگەر بەرێزیان ئیمزای بكات دەچێتە واری جێبەجێكردنەوە، بەڵام من پێموایە كە پێویستە سەرۆكی هەرێم ئیمزای نەكات، لەبەرئەوەی هەندێك ماددەو بڕگەی رەخنەی توونددیان لێدەگیرێت. لەكۆتایی بەشێوەیەك یاساكە هاتوە كە ئەگەر بەدەستێكیش ئازادی بەخشیوە بە رۆژنامەنووس، ئەوا بەدەستەكەی تر لێی وەرگرتۆتەوە، بەتایبەتی ماددەی سێهەمو بەشێكی ماددەی دووەمو بەشێكی ماددەی چوارەمو......هتد. من یەكێك بووم لەوانەی كە زۆر هەوڵمدا گۆڕانكاری تێدا بكەینو بەو جۆرە دەرنەچێت، هەربۆیە لەدژی دەنگمدا. فاكتەری حزبیو نەشارەزایی پەرلەمانتارانیش لەبواری راگەیاندن رۆڵی خۆی هەبوو لە ئاراستەكردنی یاساكە بەو ئاقارەدا.

فراكسیۆنی وا هەبوو هەموو ئەندامەكانی بەكۆی دەنگ لەگەڵ یاساكەدابوون دیارە شتێك هەیە، یان ئەوەتا لە نەشارەزایی بووە، یان ئاگادار كردنەوەیە، هەردو حاڵەتەكە هەیە. خۆی پرۆژەكە لەلایەن سەندیكاوە ئامادەكرابوو، دواتر چوبوو بۆ حكومەت، لەوێ تۆزێك دەستكاریان كردبو كە هاتە پەرلەمان دەستكاری زیاتری كرا، هەتا دەهات خراپتر دەكرا. ئەگەر پرۆژەی سەندیكا وەكو خۆی بوایە باشتر دەبوو لەوەی ئێستا. بۆیە هیواخوازم سەرۆكی هەرێم ئەو یاسایە ئیمزا نەكات بۆ ئەوەی بێتەوە پەرلەمانو ئەمجارە ووردترو باشتر موناقەشەی بكەینو بەو ماددەو بڕگانەشدا بچینەوە كە رەخنەیان لەسەرە، دەرەنجام یاسایەك دەربكەین كەلە بەرژەوەندی ئازادی رادەربرینو ئازادی رۆژنامەنووس دابێت"..



خاتوو "هاوژین حەمە رەشید" رۆژنامەنوسو چالاك لەبواری كاری ئافرەتاندا.

سەبارەت بەهەمان یاسا گووتی" پێشوەخت دوو كۆنفرانس بەسترا كە﴿undp﴾ سەرپەرشتی دەكرد تایبەت بوو بە دوو پرۆژە یاسای كاری رۆژنامەوانی كە كۆمەڵێك پسپۆڕو راگەیاندنكار ئامادەیان كردبوو، جگە لەم پرۆژەیەی ئێستا لەپەرلەمان پەسەندكراوە. لەو كۆنفرانسو سیمینارانەدا رۆژنامەنووسان هەموو كۆك بوون لەسەر ئەوەی كە ئەو یاسایەی سەندیكای رۆژنامەنوسان بەو شێوەیەی كە ئێستا پێشكەشی پەرلەمان كراو پەسەند كرا، نەدرێتە پەرلەمانی كوردستانو رۆژێك لە رۆژان پەسەند نەكرێتو نەبێتە یاسا. منیش هەر لەسەرەتاوە سەرنجم لەسەر ئەو پرۆژەیە هەبوو بەتایبەتی دەستەواژەكانی دابو نەریتو ئاسایشی نەتەوەییو ئەو مادانەی كە باس لە قەدەغەكراوەكان دەكەن، من بە پێویستی نازانم كە ئەو جۆرە شتانە لە یاساكەدا هەبن، چونكە ئەمانە سلبو لاستیكینو روون نەكراونەتەوە. پێشموایە لە ئایندەدا ئازادی رۆژنامەگەری بەرتەسكتر دەكاتەوە.

ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ كەمتەرخەمیو نەشارەزیی هەم پەرلەمانتارانو هەم خودی رۆژنامەنووسان. چونكە پەرلەمانتارەكانی ئێمە وەكو ئەوەی كە نوێنەری خەڵكی هەڵسوكەوت ناكەن، بەڵكو ئاڕاستە دەكرێن. بەتایبەتی لە پرۆژە یاسا هەستیارەكاندا، لەسەرووی خۆیانەوە بەتایبەتی هەردوو حزبە دەسەڵاتدارەكە لەسەر چ رێككەوتبنو چ تەوجیهێكیان بدەنێ، ئەوە پەیڕەو دەكەن، نەك ئەوەی كە خەڵك دەیڵێت.

لایەنی دووەمیش ئەوەیە كە رۆژنامەنووسانو سەندیكای رۆژنامەنووسان زۆر كەمتەرخەم بوون، زۆر جاران دەعووەتنامە بۆ سەندیكای رۆژنامەنووسان دەنێردرا بۆ ئەوەی بێن بەشداربن لە موناقەشەكردنی پرۆژەیەك كە تایبەتە بەكاری رۆژنامەگەری، كەچی ئامادەنەبوونو بەشداریان نەدەكرد. كاتێكیش ئەو پرۆژە یاسایەیان داوەتە پەرلەمان نەگەڕاونەتەوە بۆ رای رۆژنامەنووسانو بەهەندیان وەرنەگرتووە، بەڵكو بەو شێوەیەی كە خۆیان ویستویانە پرۆژەكەیان داوەتە پەرلەمان. بۆیە من پێموایەو پێویستە ئەو یاسایە هەموار بكرێتەوە، لە كۆنفرانسێكیشدا كە زۆرینەی رۆژنامەنووسان بە رێژەی ٩٥٪ ئامادەبنو گفتوگۆی لەسەر بكرێتەوە بەو شێوەیەی كە ئازادی رادەربڕین لە كوردستاندا فراوانتر بكات. بۆ

## جەمال عەبدوڵڵا: بەڕەئی من پێویستە هەر چالاکیەکی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە لە چوارچێوەی یاسادا ڕێکبخرێت

ئەوەی ئێمە بتوانین لە داهاتوودا کۆمەڵگایەکی یموکراسی مەدەنی ئازادیخوزای لیبڕاڵی پێشکەوتوخواز بونیاد بنێین. دوای هەموار کردنەوەی ئەو ماددەو بڕگانەی سلبین‌و دژی ئازادی رادەربڕینە لابردرێن.

لە یاساکەا باس لەداب‌و نەریتی گشتی دەکات، ئێمە هەندێ داب‌و نەریتمان هەیە کە هەڵەیەو لەگەڵ کۆمەڵگایەکی دیموکراسی‌و مەدەنی یەکناگرێتەوە. وەکو دەبینن لە﴿٢٠٠٧﴾ زۆرێک لە رۆژنامەنووسان رووبەڕووی زیندان‌و دادگاییکردن بونەوە، کە زۆرێک لە بابەتەکانیش ناوزراندن نەبوون. یاساکەش باس لە (ناوزراندن)دەکات ئەم بڕگەیە زۆر لاستیکیە. دەکرێ رۆژنامەنووسێک کە کۆمەڵێك بەڵگە لە سەر بەرپرسێک کۆ دەکاتەوە کە بەرژەوەندی شەخسی پێش بەرژەوەندی گشتی خستووەو پەردە لەسەر ئەم راستیە هەڵدەماڵێ، لەپەنای ئەم مادە یاسایەدا بەرپرسەکە دەتوانێ بە تۆمەتی(ناوزراندن) رۆژنامەنووسەکە رووبەرووی دادگاییکردن‌و زیندان بکاتەوە. ئەم حاڵەتەش لەساڵی پارو ئەمساڵەکە زۆربوو، ئەگەر یاساکە بەو شێوەیەش بێت ئەوا ئەو حاڵەتانە زیاتر دەبن. بۆیە من لەگەڵ هەموارکردنەوەی ئەو یاسایەدام ئەویش بەپرس‌و روێژکردن لەگەڵ زۆربەی زۆری رۆژنامەنووسان کە وجودیان هەبێت لەو گۆفتوگۆیانەدا بۆ هەموارکردنەوەی یاساکە".

بۆ وەرگرتنی رای حکومەت لەبارەی رەخنەی رۆژنامەنووسان لەو یاسایە بەڕێز " جەمال عەبدوڵڵا " ووتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان گووتی" ئێمە وەکو حکومەت لایەنی جێبەجێکاری یاساین، بەڕەئی من پێویستە هەر چالاکیەکی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە لە چوارچێوەی یاسادا ڕێکبخرێت، واتە هیچ چالاکیەك لە دەرەوەی یاسادا نەمێنێتەوە. بە یاسای سەندیکای رۆژنامەنووسانیشەوە. بەڵام من خۆم شەخسی لەگەڵ ئەوەدام کەهەر یاسایەك لەم سەردەمەدا لەم کۆمەڵگەیەی ئێمەوە دەردەکرێت، پێویستە ئەوپەڕی ئازادی‌و دیموکراتی تێدا بەرجەستە بکرێت. ئەوانەش رەخنە لەو یاسایە دەگرن، دوای پەسەندکردنی لە پەرلەمان کێ دیویەتی؟ من تەحەدا دەکەم ئەوانەی کە رەئیان داوە نوسخەی ئەسڵیان لابێت؟ پرۆژە کۆنەکەیان لابووە لەگەڵ موناقەشاتی ناو پەرلەمان، واتە نوسخە ئەسڵیە پەسەندکراوەکەی پەرلەمانیان لانییە. جەنابت پەیوەندی بەوانەوە بکە کە رەئیان داوەو کردوویانەتە هەڵڵا، بزانە نوسخەی ئەسڵی یاساکەیان لایە بزانە بینیویانە؟ بزانە خوێندویانەتەوە؟ ئەگەر لایان بوو پەیوەندیم پێوە بکە بڵێ لای فڵانە کەس هەیە، من تەحەدا دەکەم لایان نیە. هەتا ئێستاش یاساکە نەهاتۆتە لای ئێمە، چونکە بە پێی قانوون دەبێ سەرۆکی هەرێم ئیمزای بکات ئەوسا دێتەوە بۆ حکوومەت".

هەر سەبارەت بەو پرسە خاتوو "تامان شاکر" رۆژنامەنووس‌و بەرپرسی نووسینگەی راگەیاندنی وەزیری رۆشنبیری بەم شێوەیە بۆمان دوا" من هەر لەکاتی خۆیدا کە ئەو پرۆژە یاسایە بڵاوبۆوە بەوتارێك رەخنەم لەو پرۆژەیە گرت، ئێستاش کە لەپەرلەماندا پەسەند کراوە، بێگومان من رەخنەم هەیە لەسەری، وەکو داب‌و نەریتی گشتی، مەرج نیە ئەو داب‌و نەریتانەی کە ئێمە هەمانە هەمووی باش بێت، بەڵام پێموایە چەند لایەنێك لەناو پەرلەمان کە لە قازانجی ئەوانە بەرگری لەو داب‌و نەریتە گشتیە دەکەن بۆ ئەوەی کۆمەڵگە لە قاڵبی خۆیدا بمێنێتەوە. ئەوەی راستی بێت دوای راپەڕین‌و لەگەڵ دەستپێکی شەڕی نێوان یەکێتی‌و پارتی من پێموانیە هیچ پیرۆزیەکمان مابێت لەم وڵاتەدا کە بەرگری لێبکەین، چونکە ئێستا کۆمەڵگەی ئێمە پیرۆزییەکانی لە دەستداوە. دەبێ ئێمە بپرسین ئایا بەرگری لەکام پیرۆزی بکەین؟. دواتر مەسەلەی دەستەواژەی﴿ ئاسایشی نەتەوەیی﴾ە نازانم ئەوان رۆژنامەنووس بە جاسوس تێدەگەن‌و بەکوردو نیشتمان پەروەریان تێناگەن کە باس لە ئاسایشی نەتەوەیی دەکەن، من پێموایە رەنگە رۆژنامەنوس کەسانێك بن کە بەتەنگ مەسەلەی ئاسایشی نەتەوەییەوە بن.

حکومەت بابچێت کۆنترۆڵی بازاڕ بکات کە دەرمانی خراپ‌و خواردنی خراپ لە هەموو شوێنێکەوە روو لە کوردستان دەکات! دەبی ئاماژە بەوە بدەم کە مەسەلەی ئاسایشی نەتەوەیی نابێ بە تەنیا یەخەی رۆژنامەنووس بگرێت، بەڵکو ئەمڕۆ لە ناو باشووری کوردستان بەدەیان کۆمپانیای تورکی‌و میتی تورکی هەیە، بەدەیان بارەگای ئیتلاعاتی ئێرانی هەیە، ئەوە بێجگە لە موخابەراتی عێراقی، هێنانی ئەو هەموو عەرەبە بۆ ناوەوەی کوردستان، کە رەنگە رۆژێك لە رۆژان ئاسایشی نەتەوەییمان تێکبدەن، بەداخەوە حکومەتی کوردستانیش کە پارچە زەوییەکی نەداوە بە زۆرینەی ماڵە پێشمەرگەو شەهیدەکانمان، کەچی عەرەبێك کە هاتبێتە ئێرە کارمەندێك یان کۆنە بەعسیەك بوبێت، پارچە زەوییەکی پێدراوە ! ئەمانە ئاسایشی نەتەوەیی تێکدەدەن، نەك رۆژنامەنووسان کە رەخنە لە دەسەڵات دەگرن. ئێمە بەخۆمان دەڵێین دەسەڵاتی چوارەم خۆ دژی بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد کارناکەین، بەڵکو بۆ راستکردنەوەی ئەو هەڵەو چەوتیانە کاردەکەین کە لە حکومەتی کوردستاندا دەیبینن. لەراستیدا من دژی ئەو پرۆژە یاسایەم‌و هیواداریشم سەرۆکی هەرێم ئیمزای نەکات‌و جارێکی تر بگەڕێتەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان بۆ دووبارە تاوتوێکردن. چونکە بوونی ئەو یاسایە ئازادیەکانی ئێمە بەرتەسك دەکاتەوەو رووی ئەو کۆمەڵگەیەش ناشرین دەکەن کە چەندین ساڵە خۆیان بانگەشەی بۆ دەکەن کە کۆمەڵگەی کوردی بەرەو دیموکراتیەت هەنگاو دەنێت. سەبارەت بەو بڕگەیەش کە باس لە پابەندبوونی رۆژنامەنووس دەکات بەسەندیکای رۆژنامەنووسان من پێموایە سەندیکای رۆژنامەنووس، سەندیکایەکی حزبیەو دەبێ ئەندام‌و نەقیبی

## هاوژین حەمە رەشید: زۆر جاران دەعووەتنامە بۆ سەندیکای رۆژنامەنووسان دەنێردرا بۆ ئەوەی بێن بەشداربن لە موناقەشەکردنی پرۆژەیەك کە تایبەتە بەکاری رۆژنامەگەری، کەچی ئامادەنەبوون‌و بەشداریان نەدەکرد

**تامان شاکر:**
**من پێموایە سەندیکای رۆژنـــامـــەنـــووس، سەندیکایەکی حزبیەو دەبێ ئەندامو نەقیبی سەندیکا بە کۆنگرە هەڵبژێردرێن نەك حزبەکان دایبنێن**



بەرتەسکردنەوەی ئازادی رۆژنامەگەری لەسێدارەدانی ئازادی رادەربڕینە

سەندیکا بە کۆنگرە هەڵبژێردرێن نەك حزبەکان دایبنێن. ئەو سزایەش کە بۆ رۆژنامەنووسان دایانناوە، کارێکی زۆر نارەوایە، هیچ رۆژنامەنووسێکی ئێمە ئەو ئیمکانیەتەی نیە کە ئەو پارەیە زۆرە بیدات، ئەگەر پارەکەش نەدا دەبێ لەزیندان بمێنێتەوە. لە هەمان کاتدا داخستنی رۆژنامەیەك زەرەر گەیاندنە بە ئازادی، بە راستی ئەمانە زۆر خراپن. بۆیە من پێموایە ئەو یاسایەش خراپی زۆر تێدایە".

بۆ وەرگرتنی رای سەندیکای رۆژنامەنووسان دەربارەی هەمان مەسەلە بەڕێز"زیرەك کەمال" سکرتێری سەندیکا بەم شێوەیە بۆمان دوا " ئەو برگەو ماددانەی کە ئێمە تێبینیمان هەبوو لەسەری بۆ نموونە: لە حاڵەتێك ئەگەر رۆژنامەنووس لە دادگا دۆراندی لە (١-٢)ملیۆن دینار غەرامە بکرێت، کەچی کردوویانە بە(٥ تا ١٠) ملیۆن دینار. ئەوان یاساکەیان وا داناوە کە دەبێ رۆژنامەنووس ئەندامی سەندیکا بێت، ئێمە دژی وەستاینو گووتمان کە ئەندام بوون لە سەندیکا ئیختیاریەو دەبێ ئارەزوومەندانە بێت. جگە لەوەش لە حاڵەتێك ئەگەر رۆژنامەنووس لە دادگا دۆراندی ئەوا دەزگاکەشی سزا دەدرێت.، ئێمە تێبینیمان لەسەر ئەمانە هەبوو. تاکو سنووری داخستنی رۆژنامەش دەستکاری مادەی(٢)کرابوو. بۆیە ئێمە وەکو سەندیکا بەیاننامەمان دەرکردو لە رێگای دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم داوای بینینی سەرۆکی هەرێممان کرد. ئەمرۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستانمان بینیو ئێمەش بابەتەکانمان بۆ بەڕێزی روونکردەوە.

ئەویش بەڵێنی ئەوەی پێداین کە بەڕێزیان لەسەر یاساکە ئیمزا ناکاتو دەیگێڕێتەوە بۆ پەرلەمان، بۆ ئەوەی گفتوگۆی هەمەلایەنەترو تێروتەسەلەتر لەبارەیەوە بکرێت.
بەڕێز سەرۆکی هەرێم بەزارەکی پێیگوتین ﴿ ئەوەلەویاتی من پاراستنی ئاسایشی هەرێمە، بەڵام لای من ئەوەی ئاسایشی هەرێم دەپارێزێت ئازادی رۆژنامەنووسیە﴾ بۆیە دوای گەڕانەوەی یاساکە بۆ پەرلەمان ئەوساکە دووبارە قسە لەسەر دەستەواژەکانی(ئاسایشی نەتەوەییو دابو نەریتی گشتی)و هەوو ئەو ماددەو بڕگانە دەکرێتەوە کە تێبینیمان لەسەری هەیە. دەبێ ئەوەش بڵێم کە ئێمە دەستەواژەی دابو نەریتی گشتیمان کردبووە( ئازادییەکانی تاك) بەڵام دواتر لە پەرلەمان یاساکە بە ئاڕاستەیەکی تردا برا".

**زیرەك کەمال: بەڕێز سەرۆکی هەرێم بەزارەکی پێیگوتین ﴿ ئەوەلەویاتی من پاراستنی ئاسایشی هەرێمە، بەڵام لای من ئەوەی ئاسایشی هەرێم دەپارێزێت ئازادی رۆژنامەنووسیە﴾**

گوزارشت

# " یاسای رۆژنامەگەری" لەنێوان ئازادیو بەرپرسیارێتیدا



هێرش رەسوڵ دەینووسێت
خوێندکاری ماستەر لە میدیاو رۆژنامەنووسی
Herish82@yahoo.com

یاسا لە سەرەتاوە بۆ رێکخستنی پەیوەندیی تاکەکان لەناو کۆمەڵگەو پەیوەندییان بە کۆمەڵگەو ئۆرگانە جیاوازەکانی سیستەمی سیاسیو پەیوەندیی ئەمانە هەموویان بەیەکەوە، هاتە کایەوەو وردە وردە لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگەی مرۆییو گۆڕانە جەوهەرییەکانی ناو هاوکێشەی پاراستنی بەرژەوەندییەکان، یاسا-ش گەشەیکردو بەقەد گۆڕانکارییەکانیش گۆڕان بەسەر بەندو بڕگەو حوکمەکانی، لە پرسەجیاوازیەکاندا، هات.

بواری میدیاو رۆژنامەنووسی-یش وەکو بوارێکی پەیوەندداری راستەوخۆ لە ژیانی تێکڕای خەڵكو خواستو ویستو بەرژەوەندیی تاکەکانی کۆمەڵگە بەبێ جیاوازی، پێویستی بە جۆرێك لە رێکخستنی کارو دیاریکردنی سنوری ئازادییەکان لە لایەكو بەرپرسیارێتیەکان لەلایەکیترەوە هەبوو.

بەو مانایەی ئەو یاسایەی بۆ رێکخستنی کاری راگەیاندن گەڵاڵە دەکرێت، دەبێ هەم ئەرك، هەم مافی رۆژنامەنووس بەرامبەر پەیامەکەی کە خزمەتی کۆمەڵگەیە دیاریبکات، بەشێوەیەك مافی ئازادیی رادەربڕینو مافی زانینو دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوەکانی هەواڵو زانیاریی تێدا فەراهەمکرابێت، نەك بەشێوەیەك کۆتوبەندکردنی ئازادییەکان بێت بە بەبەندو بڕگەی یاساییو دەمکوتی رۆژنامەنووس بە سزای قورس، کە نەلەگەڵ سروشتی پیشەکەیو نە لەگەڵ گیانی سەردەمو پرەنسیپەکانی دیموکراسیو کۆمەڵگەیەکی تەندروستدا نەیەتەوە.

هەروا ئەو یاسایە، نابێ بە جۆرێك دابڕێژرێ دەستی دەسەڵاتو سیستمی سیاسیو هێزە جیاوازەکانی ئابوریو کۆمەڵایەتیو ئایینیو کولتورییەکانی تێدا ئاوەڵا بکرێت، هەرکات بیانەوێت بە بڕگە پڕ لە چەمکە "نا رۆشنو لاستیکی" یەکانی ناوی، رۆژنامەنووسانی پێ بخەنە بەر پەتی سێدارە!. ئەو یاسایەی " گوایە" بۆ رێکخستنی کاری رۆژنامەگەری، دوای چەند مانگ مانەوەو وەستاندنو گفتوگۆ، لە ئەنجومەنی "نوێنەرانمان" پەسەندکرا، یاسایەکە لانیکەم لەگەڵ پرەنسیپەکانی دیموکراسیو ئازادیی رادەربڕین یەکناگرێتەوە، سەرباری ئەوەی لە بەندی دوەمیدا، رۆژنامەنووس بە کۆمەڵێك چەمکی وەك "سیستمی گشتی، ئادابی گشتی، ئاسایشی هەرێم" دەبەستێتەوە، بەمەش دەتوانرێت هەرکاتێك.. هەر هێزو لایەنێك بیەوێت، دەتوانێت سنور بۆ مەتریاڵو بابەتی رۆژنامەنووسان دابنێتو رۆژنامەنووسان بەسەرپێچیو بەزاندنی ئەو سنورانە تۆمەتباربکاتو سزای قورسی بەسەردا بسەپێنی.

هەروەك جۆرێك لە "تێکەڵیو پێکەڵی" لەناوەڕۆکی یاساکە بەدیدەکرێت، بەتایبەت لە مادەی چوارەمیدا کە ناوی سەندیکای رۆژنامەنووسان دێنێتو مەرجی سەرنووسەربوون بە ئەندامبوون لەم سەندیکایە دەبەستێتەوەو، ئەمەش پیشێلکردنی مافو ئازادیی رێکخراوبوونە. هەروەها مادەی دەیەم، سزای پێبژاردنی بۆ هەر رۆژنامەنووسێك داناوە بە بڕی ٣ بۆ ١٠ ملیۆن دینارو بۆ هەر رۆژنامەیەك ١٠ بۆ ٢٠ ملیۆن دینار، کاتێك بابەتێکی لەسەر باسێك بڵاوکردەوە، کە یاساکە لەچەند خاڵێکدا "بقە" یکردووە، حەرامکراوەکانیش دیسانەوە کۆمەڵێك دەستەواژەی لاستیکینو هەمووکاتێك دەتوانرێت رۆژنامەنووسەکەی پێ تۆمەتبار بکرێت، وەکچۆن لە دەسەڵاتی دادگایە کێشەکە بۆ یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ئیحالە بکات کە دوا حوکمی، سزای لە سێدارەدانە.ئەمە جگە لە کۆکردنەوەی رۆژنامەو داخستنی بۆماوەی شەش مانگ.

رۆژنامەنووسی (وەکو لەسەرەتادا ئاماژەمان پێدا) پیشەی تێکەڵبوونە لەگەڵ خەڵكو کۆمەڵگەو خواستو بەرژەوەندییە گشتیەکان، بۆیە کۆتوبەندکردنی پیشەکەو زەوتکردنی ئازادی لە رۆژنامەنووسان، دواجار بەرتەسککردنەوەی پانتایی ئازادییەکانی کۆمەڵگایە. رۆژنامەنووسیش داوای ئەوە ناکات "بەرپرسیارێتی" رەچاو نەکات، بەڵام نەك " ئاستەنگ" بۆ بەردەم کارەکەی.

دواجار، یاساکە لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە ئیمزا نەکراو گەڕێنرایەوە پەرلەمان، بەڵام ئاخۆ پارلەمان گۆڕانی ریشەیی تێدا دەکات، یان دیسانەوە پڕیدەکاتەوە لە بەندو بڕگەی "لاستیکی"و لێشاوێك "قەدەغەکراو"؟!.



# کانی ئەوین:
# تا ئافرەت نەگاتە شوێنی یاسا گۆڕین‌و یاسا دانان، ئافرەت مافی بەدەست ناهێنێ

کانی ئەوین کە ناسراوە بە کانی (هەڵەبجەیی)و دەنگێکی دیاری شیعری کوردییە. هەر لەو تەمەنە گەنجیەی خۆیەوە خولیای شیعر هەڵیگرتووەو لە غوربەتدا شیعری کردووە بە نیشتیمان‌و پێکەوە لە شیعردا ئاوێزانی یەکتر بوون، ئەو بە هۆی شیعرەوە وەکو زۆر شاعیری دیکەی تاراوگە خۆی لەو غوربەتە زگارکردووە کە دووری نیشتیمان لە دەروونیدا دروستی کردووە، بۆ هەفپەیڤین لەگەڵ گۆڤاری زنار زۆر خۆشحاڵ بوو، داواکاری گۆڤارەکەمانی بە خۆشحالیەوە وەرگرت.. کانی لەسەر زێدی خۆی‌و تەمەن‌و پرۆژەکانی دەڵێ" ئاخۆ زێدی ماسی کوێ بێ، جگە لە باوەشی ئاو؟، ئاخۆ زێدی مانگ‌و خۆرو ئەستێرە کوێ بێ جگ لە ئامێزی ئاسمان؟، یاخود زێدی کانییەکی گوێژەو ئەزمەڕ کوێ بێ، جگە لە کوردستان؟! زێدی پەڕەی گوڵێکی کانی عاشقان کوێ بێ، جگە لە شەهیدستان؟!، من لە یەکێ لە شەوەکانی پایزی ساڵی ١٩٨٦ لە ئامێزی شاری هەڵمەت‌و قوربانی یەکەم هەنسکم هەڵداوەو هەر لە ئامێزی پڕ جوانی سلێمانیدا تا پۆلی سێهەمی ناوەندیم خوێند..بەڵام ژیان دەریایەکەو شەپۆلان پێدەدات‌و یەکێ لە شەپۆلەکان لە خەندەی من زیزبوو توری دامە کەنارێك لە نامۆیی. ئێستا زیاد لە حەوت ساڵ‌و نیوە لە ولاتی هۆڵەندا نیشتەجێم‌و جگە لە نووسین‌و هۆنینەوەی ئازارەکانی نیشتمان‌و عاشقان بەخوێندنەوە سەرقاڵم لەبەشی یاسا سەرەتاییەکان... ئەو سەبارەت ژیانی تاراوگەو قەڵەقی ئەوی‌و هۆکارەکانی باوەشکردن بە شیعر نوسین ئاوا باسی ئەو قەهرو دووریە لەنیشتیمان دەکات کە بەردەوام بیری لای نیشتیمانەو خەمی نیشتیمان ئەڵقە دەخە پێنووسەکەی دەڵێ"راستە کانی لە هۆڵەندایە، بەڵام شەو نییە دڵە بچکۆلانەکەم لەگەڵ روحی شێتم بەرەو نیشتیمان باڵ نەگرن. رۆژ نییە چاوە تەڕەکانم بە تیشکی خۆردا سڵاو بۆ ئاسمانی ولات نەنێرن، من گشت کات ئەندێشەکانم لە ولاتی منداڵیمەو لەگەڵ ئازارو خەمەکانیدا دەژیم.. هەر خەمی نیشتیمان‌و کێشە بێ کۆتاییەکانە، ئەڵقە دەکەنە پەنجەی پێنووسەکەم‌و لەگەڵ وشەکاندا دێنە سەما. بێگومان نامۆیی‌و دووری لە ولات‌و تارماییە بێ کۆتاییەکەی، کاریگەری زۆر لەسەر نووسینەکانم هەیەو هەردەم بەرەو نووسین پاڵم دەدات. . کانی باوەڕی بەوە نییە جیهانگیری‌و تەکنەلۆژیا بتوانن شیعرو دەقی جوان لەناو بەرن چونکە شیعر ئاوێنەیەکە مرۆڤ خەم‌و ئازارو خۆشیەکانی خۆی تێدا دەبینێتەوە بۆیە سەبارەت بەم پرسیارە ئاوا هاتە دوان.. نووسین بەتایبەتی شیعر، هەر لەگەڵ دروستبوونی مرۆڤو هەستەکانیدا هەبووەو تا ئەمرۆش هەرماوەو ئاستەنگ‌و جوانی‌و خۆشەویستی خۆی هەیە. هەرچەندە راستە رێژەی خوێندنەوە لە خۆرئاوا کەم بۆتەوە، جا چ شیعر بێ یان هەر پەرتوکێکی دی. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا گوێگری گۆرانی لە زیادبوونەو، روحی هەموو گۆرانیەکیش هۆنراوەیە، یاخود گەنجان ئێستا زۆر بە کۆمپیوتەرەوە خەریکن‌و زۆرکات لەسەر مالپەرەکان شیعرو وتارو چیرۆك دەخوێننەوە. بە واتایەکی دی، شیعر هەرگیز کۆن نابێت‌و هەمووکات خوێنەری هەر هەیە لە هەموو کوچەیەکی دونیا، چونکە شیعر ئاوێنەیەکە کە مرۆڤ خەم‌و ئازارو خۆشیەکانی خۆی تێدا دەبینێت... کانی سەبارەت بە ئاشنایی‌و کۆنتاکتی لەگەڵ شاعیران‌و نووسەرانی هۆڵەندا دەڵێت: من خۆم زۆر مەیلم لە خوێندنەوە هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی پەرتووکی کوردیم لا نییە، من زیاتر رۆمان‌و نامیلکەی نووسەرە بیانیەکان دەخوێنمەوە، بەتایبەتی هۆڵەندی. هەروەها من بەهۆی خوێندنەکەشمەوە زۆر لەگەڵ خوێندنەوەو ویژەی هۆڵەندیدا خەریکم‌و تا رادەیەکی باش ئاشنای ئەدەبیات‌و فەرهەنگی نووسەرانی ئەم ولاتەم. هەرچەندە زمانی هۆڵەندی تا رادەیەك زمانێکی تەسکە بۆ نووسین، بەتایبەتی شیعر، بەڵام نووسەری زۆر بەتوانایان هەیە بەتایبەتی رۆمانووس.

کانی ئەوین. باوەڕی بەوە نییە هاتنی ئافرەتی کورد بۆ ئەوروپا رزگاری بکات لەو عەقڵیەتەی کە لە رۆژهەلات دیلی کردووە بۆیە لەم بارەیەوە دەڵێت"ئەمە بەپێی خێزان دەگۆڕێت، خێزان هەیە لە کوردستان ئافرەتەکانیان زۆر ئازادن‌و هیچ شتێك دیلی نەکردوون، بەڵام لەناو جەرگەی ئەوروپادا خێزان هەیە کە بچوکترین مافی ئافرەت نادەن‌و دیلی جەستەیی‌و دەروونییان دەکەن. بۆیە من ناتوانم ئافرەتی کورد لە دەرەوە لەگەڵ ئافرەتی کورد لەناوەوەی ولات جیابکەمەوە. تەنها خێزان‌و پەروەردەیە کە دۆخی ئافرەت



# ”عیشق“ هەناسەی شیعرو خۆشەویستی کانی هەڵەبجەییە



جیا دەکاتەوە. لەسەر ئەو کەسانەش کە لە دەرەوە دێنەوە کوردستان ژنێگی جوان لەگەڵ خۆیان دەبەنەوە بۆ دەرەوە کانی رای وایە .."زۆر گەنج هەیە کە لەگەڵ ئافرەتی بیانی ژیانی پێکهێناوە، بەڵام ٩٠٪ی ئەم دۆخە بە کارەسات یاخود بە خەم کۆتایی هاتووە. ئاسان نییە کوردێکی رۆژهەلاتی ژیان لەگەڵ ئەوروپییەکدا پێکبێنێ، ئەمە شتێکی زۆر ئەستەمە، هۆڵەندی خۆیان پەندێکی پێشینانیان هەیەو دەڵێن﴿ دو کولتوور لەسەر سەرینێ، شەیتان لە نێوانیاندا دەنوێ﴾ هەروەها ئافرەتی بیانی زۆربەیان خۆیان ناخەنە ناخۆشی بۆ هیچ کەسێك، لە بچوکترین ناخۆشیدا خێزانەکە دەشێوێننو جیادەبنەوە، زۆر گەنج دێنەوە کوردستانو کچێکی وڵات دەخوازن. هەرچەندە کەسی واش هەیە بە مەبەستی چەوساندنەوەو زاڵبوون بەسەر ئافرەتەکەدا کچێکی کوردستان دەبەنە هەندەران لەگەڵ خۆیان. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لە کچانی کوردستان خۆشیان لەبەر ئەوروپا شوو بە کوڕێك دەکەن کە لەوانەیە هەر نەزانن چۆنەو هەڵسوکەوتی چۆنە، کوڕی واهەیە پیتێ خوزێندەواری نییە، دەچێتەوە کوردستان دکتۆرەیەك دەهێنێت. ئەمەش دیسان چەندین کێشەی دیکەو نەهامەتی لێ دەبێتەوە. سەبارەت بە کوشتی ئەو کچە یەزیدیە (دوعا) دەڵێ ئەو یەکجار مردنی بینی من هەزارجار بۆیە دەڵێ "ئاای خودایە... چەنێ ئەستمە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە..!!! من تەنها (١)جار وێنەکەییم دی، بەڵام (١٠٠٠)جار مردنم بینی.. قژە رەشە لولەکەی کە وەك بەختی وابوو، تا ئێستاش لەدەستو پەنجەو پێنووسەکەم گرێ دراوەو بەسەریدا دەگرین.. بلوسە سوورەکەی کە وەك خوێنە ئاڵەکەی بوو، کاتی بینینی هەر عاشقێك دێتەوە بەرچاوانمو فرمێسکەکانم سوور دەکات.. ئاای... خودایە.. ئێستاش کە بیر لەو رۆژە دەکەمەوە کە ئەوکارەساتە دڵتەزێنەم بینی، گشت گیانم دەکەوێتە لەرزینو گەمە بە روحکێشانم دەکرێت. من تێناگەم چۆن پەپولەیەك بەردباران دەکرێت...؟! بڕواتان هەبێ لە ئاستی ئەم کارەساتەدا وشە نییە بێتە گۆ.. بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە لە زۆر وشە پاڕامەوە کە وێنەی هەستم بکەن.. بەڵام مەحاڵە.. تەنانەت وشەش لە دواندن زویر بووەو هەستیش لە دەربڕین زیزبووە. تەنها دەتوانم بڵێم منیش روحم لەگەڵ روحە پڕ عەشقەکەی دوعادا ماڵئاوایی لەم زەمینە پڕ تاوانو پڕ غەدرە کرد. کانی ئەوین سەبارەت بەو میحنەتەی کە ژنی کوردی تێدایەو چارەسەرەکانیو کاتێك زۆرجار خۆشەویستیش وەکو بەرەڵایی سێکسی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت دەڵێ "ئەمە بە بۆچوونی من، لەگەڵ رێڕەوی رۆژگاردا گۆڕانکاری بەسەردا دێت، بەڵام من ئەوپەڕی باوەرم بەوە هەیەو چەندین جار لە زۆر دیمانەدا دووبارەم کردۆتەوە، تا ئافرەت نەگاتە شوێنی یاسا گۆڕینو یاسا دانان، ئافرەت مافی بەدەست ناهێنێ، بەڵام گەر بێین باس لە خۆشەویستی بکەین، ئەمەیان دەبێت پەروەردە گۆڕانکاری بەسەردا بێنێتو نەوەیەکی دی بە جوانی بیگوازێتەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو. ئەمە لە خۆرئاواش بە هەمان شێوە بووە. بەبۆچوونی من دەبێت سیستەمی پەروەردە بە ئێجگاری بگۆڕدرێت.. خوێندن بکرێت بە ئیجباری بۆ کوڕو کچ تا تەمەنی ١٨ ساڵان. موچە بۆ خوێندکارەکان ئامادە بکرێتو ئیشیان بۆ بدۆزرێتەوە. هەروەها دەبێت ئافرەت هەوڵی ئەوە بدات بگاتە ئاستێك کە بتوانێ ئەو یاسایانەی کە پێشێلکەری مافەکانیەتی بیانگۆڕێتو یاسای نوێ دابنێت کە لە بەرژەوەندی خۆیو کۆمەڵگە دایە. بەواتایەکی دی، دەبێ بەڕێوەبردنی گەلو کۆمەڵگە بەرنامەی بۆ دابنرێتو گۆرانکاریەکی زۆری تێدابکرێت.

کانی.. باسی ئەو نامۆییە دەکات کە لە ئەوروپا تیایەتیو باسی ئەوەش دەکات ئەوروپا چی فێرکردووە و چی پێ بەخشیوەو بۆیە دەڵێ "کاتێ شەپۆلێکی تورە منی دایە نێو ئامێزی ئەم نامۆییە تاڵە، گەورەترین خۆشەویستی لەمن کردوو لە باوەشی دووری خستمەوە، ئەویش کوردستان بوو.. بەڵام خەمی پێبەخشیم کە وشەی بۆ هێنامو کۆرپەیەکی دامێ کە شیعر بوو. عەشقێکی زۆر زیاتری لە دڵمدا رواند بۆ کوردستان. بۆیە هەرچەندە ئەوروپا لە زۆرشتی خۆشی کردم، بەڵام زۆر شتیشی پێ بەخشیوم. کانی رای وایە ئەورپا ئەو بەهەشتە نییە کە ئافرەت کوردی هەمووشتێك بکات تا بە ئەوروپا شادبێت، چونکە لەوێش چەوساندنەوەهەیەو دەلێت" ئەوروپا بەهەشت نییە بۆ ئافرەت، گەربێینو رێژەی کوردانی دەرەوە بە کوردانی کوردستان بەراورد بکەینو چاوێ بە کوشتنی ئافرەتی کورد لە دەرەوەو ناوەوەی کوردستاندا بگێڕین، ئەوا دەبینین کە جیاوازیەکی ئەوتۆی نییە. لە ئەوروپاش توندوتیژی بەرامبەر رەگەزی مێ دەکرێتو جاری واهەیە بە شێوازێکی دڕندەتریش. بۆیە ئافرەت بە هاتنی بۆ ئەوروپا رزگاری نابێت لە مەینەتیەکان، بەڵکو بە گۆڕینی یاساو سیستەمی پەروەردەو دان بەخۆداگرتنی خۆی رزگاری دەبێت.

کانی با لەکۆتایدا سەبارەت بە دەڤەری راپەڕین دەڵێ "بەداخەوە.. هیچ جارێ شاری پیرۆزی دەروازەی راپەڕینی رانیەو قەلادزێی ئازیزم نەبینوە، بەڵام بێ گومان زۆر حەزدەکەم جارێ چاوم بە دیمەنە بێ هاوتاکەیان هەڵبهێنمو خاكو خۆڵە پیرۆزەکەیان ماچ بکەم.

لەبەرامبەر کۆمەڵێك ناوو وشە پێناسەکانیان لای کانی بەم شێوەیەیە.

عیشق:هەناسەی شیعرو خۆشەویستی کانی.

مردن: عەشقی کۆتاییو دوایین شیعری کانی

یادەوەری: ئەمرۆ.. سبەی.. هاورێیەکی بە وەفاو ژیانی کانی

منداڵی:پاکترینو خۆشترین ساتەکانی تەمەنو گشت چرکەکانی کانی.

دایک: پێناسەی ئەم وشەیە تەنها لە سینەی خودادایە، بەمن پێناسەی ئەم وشە گەورەیە ناکرێت.. تەنها دەڵێم: دایك مەزنترین عەشقو خودی کانی.

# نزار سەلامی

# ”منیــــش هەوڵمداوە خزمەتــی هونــــەرو نەتەوەکەی خۆم بکە“



نزار سەلامی پاڵەوانی هەردوو درامای مەمی ئالانو فیلمی سینەمایی ژانی گەل، لە مـانگی رابـردوو سـەردانی شاری رانیەی کردو لە ڤیستیڤاڵی گوڵەمێخەك بەشداری کرد. ئەم چەند رۆژە بۆ ئەو جێگەی خۆشحاڵیو ئاسودەیی بوو کە دەیگوت لەناو ئەم خەڵکە خۆشەویستەدامو زۆر رێزیان هەیە بۆم، دەیگوت"ئەمە وام لێدەکات کە قەت لێیان دانەبڕێمو هەرچی کە بە من بکرێت لە خزمەتیاندام".. زنار بە دەرفەتی زانی لە کۆتایی ڤیستیڤاڵەکەدا مەمی ئالان بـدوێنێو

زنار: سەرەتای هاتن بۆ ناو دونیای هونەرو نواندن لەکەیەوە بوو.

نزار سەلامی: زۆر سوپاستان دەکەم.. من سەرەتای کاری هونەریم دەتوانم بڵێم لە ساڵی ١٩٩٩بوو کە لە فیلمی (چیای رەش) بوو، ئەمە یەکەم کاری سینەمایی بوو کە دەکرا بە فیلمی سینەمایی بەڵام بەداخەوە تەواو نەکرا ئەویش لەبەر چەند هۆکارێك، بەڵام دوای ئەوە وەکو ناساندنی خۆشم لە درامای (مەمی ئالان)دا بوو، وەکو بینینی رۆڵی کەسایەتی مەمی ئالان.

زنار: لە دوو ئەزموونی زۆر گەورەدا بەشداربووی وەکو مەمی ئالانو ژانی گەل، توانیوتە لەکامیاندا بتوانی رۆڵی خۆت وەکو ئەکتەرێکی سەرکەوتوو بەرجەستە بکەی.

نزار سەلامی: دیارە من بەدووکار زیاتر ناسراوم، بەڵام تەنها دووکارم نییە، بەڵام ئەم دووکارە زیاتر خەڵك پێی ئاشنایەو بینیویەتی، من فیلمی ترم هەیە بەڵام لێرە نیشان نەدراوە کەم کەس بینیویانە چونکە بۆ دەرەوەی کوردستان بووە، بەداخەوە من حەزم دەکرد زیاتر لە کوردستان ببینرێ، بەڕاستی من هەموو کارێکی خۆم خۆش دەوێ، دیارە مەمی ئالان ئەزموونێکی من بوو ژانی گەلیش لەدوای. هەرچەند دوو فیلمم هەیە کە یەکێکیان کورتە فیلمە بە سینەمایی، ئەوی تریشیان فیلمێکی درێژە بەناوی(کیلۆمەتر زیرۆ) بەڵام هەموو کارەکانم خۆش دەوێ لەهەموویان ئەزموونم زۆر وەرگرتووە.

زنار:لە فیلمەکان رۆڵی پاڵەوانێکی سەرەکیو کەسێکی عاشق دەبینی، ئەم رۆڵە خۆت داوای دەکەی یان دەرهێنەرەکە دەیەوێ دەوری کەسایەتیەکی لەم شێوەیە ببینی.

نزار سەلامی: بڕواناکەم، دەرهێنەرێك لە رووی خزمایەتیو کەسایەتیەوە ئەم کارە بکات، دیارە ئەو دەرهێنەرانەی کە منیان دەستنیشان کردووە بۆ بینینی رۆڵی ئەم کەسایەتیانە، لە هەستو ناخی خۆیاندا لەوانەیە رێژەیەکی زۆری ئەو خاسیەتانەی لە مندا بینیبێتەوە کە دەتوانم ئەو فیکرەی ئەو لە مێشکی دایەتی بتوانم بەرجەستەی بکەم، دیارە ئەوان زانیویانە من بۆ ئەم کەسایەتیە دەشێم، هیچ ئەکتەرێکیش بەتەنیا هەڵنابژێرن بۆ ئەم کەسایەتیە، چەند کەسێکی تریش دێنن وەکو منافس لەگەڵ یەکا، دیارە منافسەی شەریفانە، بەڵام هەموویان حەز دەکەن ئەو کەسایەتیە بەلای خۆیانا بەرن. دیارە لەم کارەش هەتا نەگەیتە ناوی جوان لات شی نابێتەوە. ئەو کەسایەتیانەی دراوە بە منیش هەمووی کەسایەتی خۆشەویستیو رۆمانسیە. زۆر بەختەوەرم ئەو کەسایەتیانەی من رۆڵم تیا بینیو تێیدا سەرکەوتووبوم، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆدەستنیشانکردنی دەرهێنەرو هەروەها جوهدو ماندووبونی خۆمن هیوادارم توانیبێتم بەرجەستەی ئەو کارەکتەرانە بکەم.



زنار:تۆ خاوەن هیچ ئەزمونێکی ئەکادیمی لەبواری هونەری نواندنی سینەما.

نزار سەلامی: من نەخێر، نە پەیمانگای هونەرە جوانەکانم تەواو کردووە نە وەك ئەوەی ۆرك شۆپێکی سینەمام خوێندبێ. بەڵام وەك حەزو تایبەتمەندیەکی خۆم، زۆر حەزم لە فیلمەو بەردەوام سەیری فیلمی رۆمانسیو مێژوویی دەکەم، بەڵام بڵێم وەکو ئەکادیمی نەخێر نەمخوێندوە، بەڵام زۆریشم حەز دەکرد لە روی عیلمیشەوە زیاتر شارەزا بم، هەوڵم داوە ئەگەر لێرەش نەبێ لە دەرەوەی وڵات بتوانم بخوێنم.

زنار: نەبوونی ئەکتەری پرۆفیشناڵ لە ناو کورددا تاچەند بۆشایی درووست کردووە لەناو سینەمای کوردیدا.

نزار سەلامی: حەتمەن کاتێ تۆ لە ئەزموونێکدا بەشداری دەکەی گەر تۆ تەجروبەیەکت نەبێ یان لە رووی عیلمیو جەستەیەوە ناتوانی بەشداری رۆل ببینی، چونکە بەڕاستی هەموو بوارێکی هونەر قورساییەكو پانتایەکی خۆی هەیە کاتێ کە تۆ داخیلی ئەو بوارە بووی دەبێ کارێکی باش پێشکەش بە بینەر بکەی، چونکە تۆ دەبیتە سمبولێك بۆ ئەم کارە، ئەوانەی لە فیلم کار دەکەن هەموویان سمبولی کاری خۆیانن تۆ دەبێ کارێکی وابکەی بە هەموو جوهدو تەقەنیاتی خۆت هەوڵبدەی کە بەشێوەیەکی زۆر جوان بەشداری تێدا بکەی.

زنار: تۆ لەناو خەڵك بە مەمی ئالان زیاتر ناسراوی نەك نزار سەلامی، تۆ زیاتر بەکامە ناوەیان ئاسوودەتری.

نزار سەلامی: کەسایەتی مەمی ئالان نەك من، بەڵکو لە بابو باپیرانمانەوە بیستوومانە کە کەسایەتیەکی جوانی عاشق بووە، من شانازی بەو کەسایەتیەوە دەکەم کە خەڵکی منی پێ بانگ دەکا، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ خۆشەویستی خۆیان. من خۆم ناوم نزارە، بەڵام کاتێ گوێم لێ دەبێ دەڵێن مەم وای لێهاتووە وەکو ناوی نزارەکە ئاوریان بۆ دەدەمەوە ئەوەش جێگەی خۆشحاڵی گەورەمە.

زنار: بەنیازی چ پرۆژەیەکی سینەمایی دوای ئەم چەند ئەزموونە، ئێستا پرۆژەت چیت لەبەر دەستدایە.

نزار سەلامی: ئینشاللە منیش وەکو هەموو ئەو هونەرمەندانە، منیش هەوڵمداوە خزمەتی هونەرو نەتەوەکەی خۆم بکە، کاری داهاتووم هەم دەهێنەرو سینارستەکان هەوڵی زۆریان داوە لەگەڵم، لە ئایندەدا کاری جوان لە پێشەو لە ئێستادا ناتوانم تەشخیسی کارەکە بکەم. دوو سێ کار هەیە لەپێشم بزانم کام کارەیان لەهەموویان لەپێشە تا بتوانین ئەو کارەیان ئەنجام بدەین.

زنار: دوای بەشداری سێ رۆژەت لە فیستیڤاڵی گوڵە مێخەك، چ هەستێکت لادروست بوو.

نزار سەلامی: دیارە من هەموو وەختێك دەیڵێمەوە، من رێزو خۆشەویستی زۆر زۆرم هەیە بۆ شاری رانیە، من زۆر حەزم دەکرد بە دیداری ئەم خەڵکە جوانە شاد بم، خۆشحاڵی من ئەوەیە لەم کاتەدا هاتم بۆ رانیە رێزو خۆشەویستیم بۆ هەموو خەڵکی رانیەو ئەوانەی لەیەکەم ساتەوە پشتگیری ئەم فیستیڤاڵەیان کردووە، شاری رانیەش وەکو هەموو شوێنەکانی تر پێویستی بە ئاوردانەوەی زیاتر هەیە، من هیچ کاتێ بیرم لەوە نەکردۆتەوە نەیەم بۆ ئێرە، بەڵام ئەمجارە وایان لێکردم زوو بێمە رانیەو هەمیشە لە خزمەتیاندا بم.



# چیرۆکی ئەو دوو کچەی لەبری سوڵح بۆ یەك شەو دران بەدووبراو بۆبەیانی نێردرانەوە ماڵی باوکیان

# بەسەرهاتی ئەو دوکچەی لەبڕی ژن هەڵگرتنی برایەکیان بوونە قوربانی

ئا:فایلی کۆمەڵایەتی

ڕەدوکەوتن دیاردەیەکی کۆنە لەناو کولتووری کورد، لە زۆر ناوچەی کوردستان وەکوو ئەتککردنی شەرەف سەیردەکرێتو لەهەندێك ناوچەی دیکەش لەسەر سنووری کوردستانی ڕۆژهەڵاتو بەشێکی زۆری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕەدوکەوتن نابێتە هۆی کوژرانی هیچ کام لە کچو کوڕەکە، تەنانەت لەهەندێك جێگا وەك دەڵێن (وەکو جوانیو ئازایەتی ژن سەیردەکرێ) بەڵام لەو بەشەی کوردستانی باشور، ئەم دیاردەیە بە ئەتککردنی شەرەف لەلای زۆر کەس سەیر دەکرێ.. چیرۆکی(خالیدو کوێستان) تەنها چیرۆکێکە لە هەزاران چیرۆکی تراژیدیتر کە لە سەر ڕەدوکەوتن لە کوردستان ڕوویداوە. ئەمەی خوارەوە چیرۆکی ئەم دوو ئەکتەرە عاشقەیە لەسەر شانۆی واقعی ژیانی خۆیان کە بەراستی ڕوویداوەو ئەم کارەساتە تراژیدیەی لێکەوتۆتەوە.

ئەم چیرۆکە هەشت ساڵ پێش ئێستا لە یەکێك لە گوندەکانی ئەم دەڤەرە ڕوویداوە. کوێستانو خالید ڕۆڵەی دوو خانەوادەی جیاوازی ئەم گوندە دەبن، ئەوان دەکەونە داوی عەشقی یەکترو زۆر پاکانە یەکتریان خۆش دەویست، پەیوەندیەکەشیان سێ ساڵ دەخایەنێ. کاتێ خالید لەگەڵ کەسوکاریدا دەچێتە داخوازی کوێستان.. سەلیم کە باوکی کوێستانە لەگەڵ مامەکانی، تا ئەو پەڕی ڕق هەڕەشە دەکەنو لەماڵ وەدەریان دەنێن. خالید وەك عاشقێکی کۆڵنەدەر، بەمە وازناهێنێو چەندین جاریتر پیاوماقوڵانو ریش سپیان لە ئاواییەکانی تەنیشتیان دەنێرنە ماڵی سەلیم..

خالیدو باوکی ئامادەبوون کچێكو تەنانەت ماڵو پارەش بدەن لەپێناو قبوڵکردنی داخوازیەکەیان، بەڵام بەداخەوە جار لەدوای جار سورتردەبوون، کاتێك دەیانبینی کوێستانیش پێی خۆشە بیدەن بە خالید، زیاتر ڕق دایدەگرتو پێداگربوون لەسەر ڕەتکردنەوەی داخوازیەکە.

دوای ئەوەی کوێستانو خالید دڵنیادەبن لەوەی ڕێگەیەك نییە بۆ بەیەکگەیشتنیان بۆیە بۆقسەی کۆتاییان کاتێك دادەنێن بۆ ماڵئاوایی کردن.

چونکە خالید نیازی هەبوو لەدوای ئەوەی دڵنیادەبێ لەوەی کوێستانی نادەنێ. گوند بەجێبێڵێو ڕووبکاتە شار، ئێوارە لەکاتی خۆرئاوابوون بۆ چەند دەقیقەیەك لە تەنیشتی ماڵی خۆیان بەڕێکەوت دەکەونە پێش چاوی باوکی کوێستان، سەلیم ڕادەکاتە ژوورەوە تا تفەنگ بێنێ، بەڵام کاتێك کە دێتە دەرەوە هیچیان لەوێ نامێنن. خوشکەکەی کە دەبینێ باوکی تفەنگ هەڵدەگرێ، پێیان ڕادەگەیەنێ کە لەگوند دەربچن ئەگینا دەکوژرێن. کوێستانو خالید کە مەبەستیان ڕەدوکەوتن نەبوو، تەنانەت بەڕێگەی جیاواز هەڵاتن، بەڵام هەردووکیان لەماڵی موختاری گوندەکە بەیەك دەگەنەوە، موختاریش بەڕێیان دەکات بۆ ماڵی کەسایەتیەك بۆ گوندێکی تەنیشت ئاواییەکەی خۆیان..

ئەوان کاتژمێر ١٢ی شەو بەڕێدەکەون بۆ ماڵەکە بەڵام خالید ڕاستەوخۆ ڕووەو شارو کوێستانیش دەچێتە ئەم ماڵە، لەبەر ئەوەی تا ئەو ساتەش ڕەدوکەوتن لەبیری هیچ یەکێکیاندا نەبوو. خالیدیش بۆیە بەجێی دەهێڵێ تا کێشەکە گەورەتر نەبێت، سێ ڕۆژ کوێستان خۆی لەم ماڵە دەشارێتەوە.

دواتر هەواڵ بە خالید دەگەیەندرێ کە هەرچۆنێك بێ کوێستان لەگەڵ خۆیدا بەرێ، چونکە لای هەموو خەڵکی ئاواییەکەیان وا بڵاوبۆتەوە کە ڕەدوکەوتووە، خالید لەشەودا دەگەڕێتەوە بۆ ئەم گوندەو کوێستان وەردەگرێتەوە بە نیوەشەو بەڕێدەکەونو دەڕۆن بۆ شارو

> ”لەیەك شەودا ناسکەو شەیدای منداڵکار لەدوو برای لەخۆیان بەتەمەنتر مارە دەکرێن وەکو تۆڵە سەندنەوەیەك لە خالیدی برایان “

> "خالید ١٥ هەزار دیناری چاپی سویسری قەرزدەکاتو (١٥) کەی دیکەش لە مزگەوتانو ریشسپیان بە هاوبەشی خەڵکی گوند کۆدەکەنەوەو لەبری ناسکەو شەیدا دەیدەنە سەلیمو براکەی، کاتێك ناسکەو شەیدا لە قەفەسی سەلیمو براکەی ئازادبوون تەمەنی جوانیان بەسەر چوو بوو"

لەوێش لەلای مەلایەك لەخۆی مارە دەکاتو دەچنە ژیانی هاوسەریەوە..

دوای ئەوە کارەساتی گەورەو مەرگئامێز لەگوندەکە دەستپێدەکات، کە چەند پەپولەیەکی تازە تەمەن باجی دەمارگیرو هەڵەبڕی سەلیمو کەسوکارەکەیاندا بەتایبەتی رەسوڵی برای سەلیمی باوکی کچەکە هەر پێشەکی (٢٥)هەزار دیناری سویسری لە باوکی خالید دەستێنێ لەگەڵ دووپارچە زەویش، رقی ئەستووری سەلیمیش بەمە نانیشتێتەوە، بەڵکو داوایەکی جەرگبڕانەی دی دەخاتە بەدەمی باوکی خالیدو کە پێی خۆشبێ یان نا، ئەویش بەخشینی (ناسکە)ی کچی بوو ئەم کچەی تازە لەتەمەنی لاویدابوو، زۆر جوانو ژیکەڵە بوو بە سەلیمی باوکی کوێستان کە لە تەمەنی باوکیدا بوو، شەیدای تەمەن (١٧)ساڵیش کە ئامۆزای ناسکە بوو ستاندی بۆ براکەی کە وەك خۆی خاوەنی کچو کوڕی هەرزەکارە، هەردووبرای دەمارگیر لەیەك رۆژدا ناسکەو شەیدا منداڵکار بۆخۆیان قۆرغ دەکەنو لەخۆیان مارە دەکەن، هەر لە بووکیش نەدەچوون بەبەرگی خۆیانەوە بردیانن، ئەویش تەنیا بۆ یەك شەوو بۆ ئەوەی ئاستی مەردایەتیو جوامێری بە دڕاندنی پەردەی کچێنی ئەم دووکچەی خوشکی خالیدو ئامۆزای خالید بەرزبکەنەوە، بۆ سەرلەبەیانیش زۆ بەرازانە هەردووکیان رەوانەی ماڵەوە دەکەنەوە..

ئەمە بەجێ دەهێڵم بۆ خوێنەر باویژدانی بێ بە دادوەر.. سەیر لەوەدایە چۆن بەمەش ناوەستن، چەند لاوێك دەنێریتەوە سەر موڵکەکانی باوکی بەساڵاچووی خالید تا بیسوتێنن. شەوانیش ماڵیان بەردباران دەکردن، بەبێ ئەوەی هیچ تاوانێکیان هەبێت جگە لەوەی کوڕەکەی عاشقی کچەکەیان بووە. لێرەوە تراژیدیای ناسکەو شەیدای هەرزەکار دەست پێدەکات کە زۆر زوو کەشتی حەزو خۆزگەیان بە گەردەلولی سەلیمو کەس‌وکارەکەی لە دەریای بێبندا نغرۆبوو، ناسکەو شەیدا چوار وەرزی ساڵ خۆیان لە ژوورەوە زیندانی کردبوو لە ترسی ئیهانەی خانەوادەی سەلیم.

ئەم دوو کیژۆڵەیە لەناو خەڵك حسابی بێوەژنیان بۆ دەکرا، ئەوان تەمەنیان وردە وردە بەرەو سەرەوە هەڵدەکشا، ساڵ دەهاتو دەڕۆیی، رقی سەلیمو خزمانی هەر لە تازەبوونەوەدابوو، ئەوان زنجیرەی تۆڵەکردنەوەیان کۆتایی پێنەهاتبوو، لە گوندەکانی تەنیشت خۆیان، مەلایەك داوای ناسکە دەکات، بەلام کاتێ سەلیم دەزانێ دەست دەکات بە هەڕەشەکردنو لە بەرامبەر رازیبوونی داوای بڕێك پارە لە مەلا دەکات لە بری ناسکە! .

چوونکە تا ئەوکاتەش تەلاق نەدرابوو، بەڵام مەلایەکی ئاستی ژیانی ماددی بەرز نابێتو لەم مەوزوعە دەکشێتەوە، شەیداش کوڕێك دێتە داوایو سەلیمیش زۆر بە خراپەو سوکەوە باسی دەکات تا لەبەر چاوی کوڕەکەی ناشیرین دەکات، داواکاریەکانی ناسکەو شەیدا لەبەر ئەو برە پارە زۆرەی سەلیم داوای دەکات دەکشێنەوە.

باوکی ناسکەو شەیداش زۆر هەژار دەبن، بۆیە ناتوانن پارەکەی سەلیم بدەن، ئەم دوو کیژۆڵەیە گەیشتنە تەمەنی(٢٩)ساڵو (٢٧)ساڵ هەروا مانەوە، جگە لەوەش ئەو دەردە سەریەی ئەوان چەشتیان، یاریدەدەری ئەوەبوو، چرچو لۆچی لە روخساریاندا دەربکەوێ. وەك ئافرەتێکی (٦٠) ساڵانەیان لێ هاتبوو.

باوکی ناسکەو باوکی شەیداش کە برابوون، لەبەر خۆڕانەگریان لەبەردەم تۆڵەی هەموو رۆژەی سەلیمو کەسو کارەکەی، گوندەکە بەجێدەهێڵنو روودەکەنە گوندێکی دی، بەڵام بەم هەنگاوە بەردبارانکردنەکەیان لە یەخە دەبێتەوە، ئەگینا ئازارو تۆڵەکانی دیکەیان هەر بەردەوام دەبێت، وەك مانەوەی ناسکەو شەیدا لە ماڵی باوکیان بە(بێوەژن)یو داواکردنی پارەیەکی زۆر بۆ ئەو کەسانەی کە دێنە خوازبێنی.

خالید دەستەوەستانە خۆی ئاشکرابکاتو بێتەوە گوند یان هەر لەشاربێتو ماڵی باوکیشی بە هۆی بینینی ئەم هەموو کوێرەوەریەوە رێگا نادات بێتەوە، چونکە ئەو باش رق ئەستووری سەلیمو کەسو کارەکەیەتی، با سوڵحیشیان کردبێ.

خالید ١٥ هەزار دیناری چاپی سویسری قەرزدەکاتو (١٥)کەی دیکەش لە مزگەوتانو ریشسپیان بە هاوبەشی خەڵکی گوند کۆ دەکەنەوەو لەبری ناسکەو شەیدا دەیدەنە سەلیمو براکەی، کاتێ لە قەفەسی سەلیمو براکەی ناسکەو شەیدا ئازادبوون تەمەنی جوانیان بەسەر چوو، ناسکە تا ئێستاش لەماڵی باوانیەتیو وەکو قەیرەیەکی بێوەژن ماوەتەوە، شەیداش شوی بە پیاوێك کرد کە خاوەنی پێنج منداڵە لە ژنە مردووەکەی ...!

# ناسنامەی کۆمەڵایەتی ئافرەت لەسەردەمی مۆدێرنێتەدا



**نەسرین حەسەن**

ناسنامەی کۆمەڵایەتی هەر تاکێك پەیوەندی بە تێڕوانینو بیروباوەڕو کردەوەکانی لە ناو کۆمەڵگەدا هەیە، هەروەها ئەو ناسنامەیە پەیوەندی لەگەڵ خەڵکدا دروست دەبێت، ناسنامەی کۆمەڵایەتی مرۆڤ جێگیرنییە بەڵکو لەگەڵ تێپەڕبوونی رۆژگارو ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر کۆمەڵگەدا دێت، ئەویش دەگۆڕێتو لە قاڵبی خۆی دادەمێنێت، ئەمەش پەیوەندی بەو کەسەوە هەیە کە چۆن خۆی لەگەڵ گۆڕانکاریەکاندا دەگونجێنیو بەرەو پێشەوە دەچێت، لێرەدا گەربێتو باس لە مێژووی ناسنامەی کۆمەڵایەتی ئافرەت بکەین بەتایبەتی ئافرەتی کورد، دەبینین کە لە رابردوودا ئافرەت زیاتر لە ژێر کاریگەری هەندێك لەو دابونەریتانە بووە کە وەك میراتێك بۆی ماوەتەوەو بە رێژەیەکی زۆر کەم بەشداری لە بوارە پێشکەوتنەکانی کۆمەڵگەدا کردووە، بەتایبەتی خوێندن. ئەمەش وایکردووە زیاتر سەرقاڵی ئەرکی ماڵداریو بەخێوکردنی منداڵ بێتو لە ژێر دەسەڵاتی پیاودا پێناسەی ناسنامەکەی کراوەو کۆمەڵگەش هەر لەو سۆنگەیەوە سەیری کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵو خەباتی ئافرەتان بۆ داکۆکی لە مافەکانیانو یەکسانیان لەگەڵ پیاودا بەردەوام بووە، بەتایبەتی کە لە دەیەکانی ٦٠و٧٠ی سەدەی بیستەمدا بزوتنەوەی فیمێنزمی جموجوڵەکانی دەستپێکرد، بەڵام تا ئێستاش لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، ئەو بزوتنەوەیە نەیتوانیوە پێگەیەکی تەواوی هەبێت، ئەمڕۆ سەدەی نوێخوازیەو ئافرەتیش لەگەڵ ئەو نوێبوونەوەیەدا هەوڵی گۆڕانکاری دەدات. بەرز بوونەوەی رێژەی خوێندنو رادەی کارکردنیان لە دەرەوە توانیویەتی زیاتر متمانەیان پێ ببەخشێت. دیارە لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریەدا دژایەتیەك لەگەڵ ئەو رێچکەیە درووست بووە کە کولتووری کوردی لەسەری رۆیشتووە، ئەم ئاڵوگۆڕەش توانیویەتی رۆڵی کۆمەڵایەتیو زانستیو فەرهەنگی ئافرەت بەرەوپێشە بەرێتو تارادەیەك لەگەڵ سەردەمی نوێدا خۆی بگونجێنیو زیاتر هەست بە ناسنامەی کۆمەڵایەتی خۆی بکات.

مۆدێرنە بوونی کۆمەڵگە، بەتایبەتی گەشەکردنی میدیا، هۆکارێکی دیکەی ناساندنی ئافرەتو رۆڵو کاریگەریەکانی ناو کۆمەڵگەیە، بەشداری ئافرەت لە ناوەندە پەروەردەییو کۆمەڵایەتیەکان هەلومەرجی زیاتری فەراهەم کردووە بە ئاراستەی پتەوکردنی پێگەی ئافرەت لەناو کۆمەڵگەدا.

هەرچەندە خێزان بەربەستێکی سەرەکی بووە لە بەرەوپێشچوونی ئافرەت، ئەویش بەهۆی ئەو سونەتەی کە رەچاوکراوە، کە ئافرەت ئەرکی تەنها ماڵدارییو بەخێوکردنی منداڵە.. بەڵام ئەمڕۆ لەناو خێزانیشدا گۆڕانکاریەك روویداوە کە بارودۆخی ژیانی ئەمڕۆ بە جۆرێکە کە زۆرجار لەوانەیە پیاو نەتوانێ بژێوی خێزانەکەی بەتەنیا دابین بکات، ناچار پێویستی بە کەسێك دەبێت یارمەتی ئابوری بدات، ئەوکاتەش ناچار دەبێ ئافرەتیش بەشداری لە مەیدانی کاردا بکاتو بە سەرفکردنی هێزی کارو دەستکەوتنی ئەو بڕە پارەیە بەشداری مەسرەفکردنی خێزانەکەی بکات، ئەمەش دەرفەتێکە بۆ دەرکەوتنی تواناکانی ئافرەتو خاڵێکی پۆزەتیڤ لە ناسنامەی کۆمەڵایەتی ئافرەت.

هەرچەندە ئەرکی ئافرەت لەوکاتەدا بەسەر چوار کار دابەش دەکرێت وەك: کاری دەرەوە، ئەرکی ماڵداریو بەخێوکردنی منداڵ، ئەرکی هاوسەرێتی. دیارە ئەمەش لەلایەك بەربەستێکی دیکەیە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کارکردنی ئافرەت لە دەرەوە دەبێتە هۆی بەرفراوانبوونی تێڕوانینەکانی بەرامبەر بە ژیانو هەروەها بەهێزبوونی تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتیو ئەزموونی ژیان. ئەو کاتەی کە جیاوازیەکانی ژیانی زیاتر بۆ دەردەکەوێت لەگەڵ رەگەزی بەرامبەری(نێرینە)، ئەویش بەهۆی ژینگەو بارودۆخی کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگایەی کە تێیدا دەژیو حەزوئارەزەکانی دیاردەکاتو مامەڵە بە چارەنووسی دەکات. تێگەیشتنی ئافرەت لە ژیان، لە ئازادیو تواناکانی بەشێوەیەکی زانستیانە، دەبێتەهۆی دەرکەوتنی لەناو کۆمەڵگەداو سەلماندنی ئەو راستیەی کە ژێردەستیو چەوساوەیی ئافرەت، بەهۆی مێینەبوونی نییەو هیچ جیاوازیەکی لەگەل پیاودا نییە، بەڵکو کۆمەڵگە ئەو جیاوازیانەی دروست کردووەو پلەو پایەی بەرزتری بەپیاو بەخشیوە، هێزو ئیرادەو توانای ئافرەت گرنگترین خاڵی زاڵبوونە بەسەر بەربەستەکان کە هەردەم رێگرن لەبەردەم گەیشتن بەم سەردەمە نوێیەی کە ناسنامەی راستەقینەی ئافرەت دەردەخات.